# ماچی گومان

**شەرمین وەلی**

**ماچێ هات!!**
**ویستی لە (من) دا بخواتەوە**
**گومان هات..**
**بریاریدا توانەوەی رۆحی خۆی لە (من)دا**
**تاقیکاتەوە**
**ڕەنگێ هات..**
**بە نازەوە.. سروەی رازەکانی یاخیبوونی ئاوێنەی**
**بۆ گێڕامەوە..لە دژی گومان و ماچ**
**منیش!**
**ئەمجارەیان دەمەوێ**
**چیرۆکی گومان بۆ ئاوێنەی یاخیبووم بگێڕمەوە**

**دەمەوێ گومان پارچە پارچە بکەم و**
**پۆلێنی سەر یەقینبوونی بکەم و**
**بلێم...**
**گومانی یەقینییە**
**لە ساتێ دروستکەری یەکترن و**
**لە یەکتریش دەخۆنەوە**
**گومان نیگایە**
**وەختێ ئێواران مەراقی کوڕە چاورەشێ**
**ئاراستەم دەکات و پڕم دەکا لێی**
**گومان سەمای تەرزەیە!!**
**وەختێ بەیانیان..ئێواران و..هەموو ساتێ**
**دایکم لە داخ کروزانەوەی جەرگی**
**دەیکاتە چاویلکەی رۆحی**

**دەشێ گومان باڵدارێ بێ و**
**هەمیشە لە باڵەفڕکێ دابێ**

بۆ دۆزینەوەی خۆی.. ..

ئەمشەو دەمەوێ

شەڕ بە سەراب بفرۆشم و

(بـا) بکەم بە تانۆکی کۆنسێرتی ئاوازەکانی خەندە و

دوور لە نیگای مەحشەرو مەرگی گەرم

لەحزەکانی ژیانبوونم لە مردندا

دەستپێبکەمەوە...

بە جێ هەنگاوی مرۆیمدا بچم و

فێری مەلەی ماچەکان بم

دەمەوێ!!

پێکێ لە ڤۆدکای لیکی کوکوختییەك بخۆمەوە و

لەگەڵ ئەدرێسی رووتبوونەوە

جووت ببم و

ماچێ لە هەناسەی چاوەڕوانی بکەم و

شیعرێ بە باڵای ڕەشەبادا هەڵبڵێم و

زیندووببمەوە...

دەمەوێ

بە چاویلکەی پەنجەکانم بڕوانم و

بەکاتژمێری وشەکانم بە ئاگابێم و

بە سوتانی باران

پڕببمەوە لە ئاو و

بباریمەوە....

من نامەوێ لە رۆژی (ژن)دا

ژن بــم

نامەوێ لە رۆژی ( عەشقا)، عاشق بم

بە نیازم

ئێوارەیەك ببمە میوانی پاییز و

لە حزوری شووشەو..وەرزێکی سفردا

بە پانتایی نامۆیی تەنیاییدا رۆبچم

نەك گێژاوی درۆكان...

تا هەمیشە بە تریفە كاڵ نەبمەوە و
بەرگەی ترازان و وەزەنی نیگاكان بگرم
نیشتمانێكم هەیە جیا لە نیشتمانی هەركەسێ
ئەمیش..
بەر سێبەری باران و
تۆزاوی ئاو و، زەلكاوی ڕەشەبا

بڕوانن!!
بەختەوەری كوێرە..كوێر
ئەم، كەس ناناسێ
وەك تەمەنی پەپوولە
هەر ساتێ یاخی بوو
نەوزی چاو دایدەگرێ
بەفری لێدەبێتە ڕەشماڵ و
پەنجەكان بەدەم باوێشكەوە
دەگوشێو تەنیایم لێ تەڕ دەكاو
هەڵبەستم گڕ تێبەر دەدا....

كێ بێ لە من هەستیار تربێ؟!!
من گومان دروستی كردووم و
دڵنیایش دەمكوژێ..

كێ بێ لە من بەڵەد تر بێ؟!!
وەختێ بۆ بوونم دەگەڕێم
ونتر دەبم و دۆزینەوەم مەحاڵ دەبێ

كێ بێ لە من ژن تربێ!!؟
من جەستەم لە بەكتریایەو
رۆحم لە پیاوە و
قفڵی ئارەزوو و مرۆڤ بوونم دراوە

من هێنده به دەمی سێو پێکەنیم

ئێستا درەختەکان لێم وەرسن و

گلێنەی نەشمیلەیەك

درۆی سپیم پێ هەڵدەبەستێ و

شەیدای چیمەنێك لێم ڕادەکا و

بەدەم ڕێگاوە باوێشکی خەزان دەدا و

(فەنابوونی هەناسەم) دەکاتە دیاری

دەستێکم کراوە بە خەڵووز و

دەستەکەی تر گوناه

چاوێکم بۆتە بەفرو

چاوەکەی تر هەتاو

هەریەك ئەویتر دەسڕێتەوە...

ئەمشەو..دەچمە ئاسمانی ئەندێشەکان و

داوای جادووی شیعر دەکەم

بەڵکو بمسپێرێ بە گۆڕستانی کتێبەکان و

فرمێسکی خنکاوی گومان و

ماچ و موچی ڕەنگەکان و

بمرمەوە....

ئەمشەو هەموو دونیا پێکێکە لە ماچ

ژیان..هەمیشە دوو حیکایەت لە خۆ دەگرێ

یەکێ گومان

ئەویتریش چاوەروانی

گومان هەڵوەدای ساتە یاخیبووەکانی هەناسەیە

چاوەروانیش گوم بوونی پەرەسێلکەیە

دەمەوێ بڕۆم بەرەو دەربەندی وێرانی کوکوختییەکان

بەرەو پرسیارە یاخییەکانی گیاندنم ڕۆبچم

پێشنیاری کوشتنی راستی دەکەم و
درووود بۆ درۆ و گومان دەبم و
بە پەیژەی فریشتەیی ترس سەردەکەوم و
بە گلێنەی چاوەکانم..دەست بە قژی ژیان دێنم و
تۆقەیەکی بریسکەداریش
بۆ جوانکردنەوەی شیعرەکانم و
دواجار دەچمەوە نێو سکی دایکم و
دەبمەوە بە شیعر...

چەند بەختەوەرم
لە ساتێ
سەمای چاوەکانی پەرەسێلکەیێ
دەمورووژێنێ و
بە خوانێکی سیحراوی میوانداریم دەکا
چەند ئەستەمە
نمایشی ماچەکان و
گێژەلووکەی گومان و
فڕینی هەستەکان

من لەوێندەر
هەناسەم بە رۆح دەشۆم
تا لە دیدەی پەپوولە بچێ
کاتژمێرم لە سەمایەو
زمانم پڕ لە رەنگی
سەوز و
سوور و
شین
وەلێ لێرە
کچێکی زەردیلە و خۆلاۆویم
بەڕەنگی گومان سواخ دراوم
کچێکم پڕ لە یەقینی و رەشەبا
پڕم لە لێلی و تەنیایی

چۆن بتوانم خەو ببینم

کە منالّیم پڕە لە تەریق بوونەوە و

هەرزەکاریم پڕ لە پاییز و

سەرتاپای تەمەنم بێدەنگی و وونبوون

من لە ڕووی لاپەڕەی شەرمنی شیعریشا خەجالّەتم

چون.. نەمتوانیوە بوێرانە

لە سەدا و دەنگی هەڵکێشم

نەمتوانیوە!

لە باوەشی ماندووی ژیاندا

دیلانەیەك بۆ ساتی میوانداری بسازێنم

تا هەموو ئێواران

هەواڵی کوژرانی جیهانی شارو دۆڕاوی هەناسەکانی میدیا و

لاڵی زمانەکان بخوێنێتەوە و

بە خەزانیان بناسێنێ و ئارامتر

لە جاران بشنێتەوە...

من لە ترسی هەڕەشەکانی باوکم

لەسەر لەچك و نوێژەکان

فەنابوونی خۆمم بیردێتەوە

ئای...هاوڕێم

بیرت چوو وەختێ دەمانویست

لە شوقەی کەنار رۆحی تۆ

نیشتمانی یاخیبووان چێ بکەین

ئێستا چۆن بتوانم گومانم هەبێ

لە فڕینی نەورەسەکانی ناخت

ئێستاش مۆمێك لە شیعر دادەگیرسێنم

هێندەی ئاوازی جورئەتیت سامگرتوو بێ و

هێندەی پاییزی چاوەکانت

ببێ بە کردگاری نیگا لوول خواردووەکانی پەشیمانیم و

دەڵێم

به پیرۆزی خۆت بووردن ببەخشە

چون..نەكراوە

ڕاموسان بێ لێو

ئاسوودەگی بێ پاكبوونەوە و

بەهەشت بێ گوناه

ئێستا كە زەلكاوی تەمەن

ئیش بۆ ژەنینەوەی فلوتی رۆح دەكا

چۆن ئومێدی نغرۆبوون

ببەخشمە بەلەمی ماسیگرەكان

كە من شەوانە بە گوێگرتن لە سیحری باران بمرم

چۆن داوای پەشیل بوونی گەڵاو كینەی هەناسە بكەم

بڕۆرەوە بۆ خود

گوناهە سەفەر

مەهێڵە ماچەكان خەمباربن

مەهێڵە عەشق تەنیات كا

با لە (با)ش زویر بیت

مەهێڵە خۆڵەمێش هەڵتفرێنێ

من هێشتا بە ئاگام

لە میوانی چاوەروانی و ئاسەواری پەنجەرەكان

ئەی شایستە بە سیمفۆنیای هەنار

من لەگەڵتام بۆ دۆزەخی نۆتە نمنمیەكانی ئێواران

وەك پاییز هەمیشە شەیدای

فرۆشتنی خەزان مەبە

كە دەمێكە نیگاكان..پیشەیانە

بۆچی لەم گومانی تەمەنەیا

جارێ بە ماچی شەونم

تەڕتەڕم ناكەی

لێگەڕێ با لە ژێر ساباتی گومانا

پێكەكان دووبارە هەڵدەینەوە

ئامێزم پڕە لە ماچ
وەرە لە سەر چاوەڕوانیم
هێمن..هێمن پاڵکەوە

با گومان و ماچ بئاڵێنین
نیگاو سەفەر ئاوێزانکەین

لەم وڵاتی تابووتەدا
گەر نەخلیسکێین بەسەر یەکا

ساتە تەزیووەکانی رۆح
بەدی ناکەین

فێری مەلەی ئاسمان و

ئەفسانەی سێوەکان
نابین

بەهاری 2004

hanasa982@yahoo.com